٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

وانەی (٤٤)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) حەزقیال

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (حەزقیال ٣٦، ٣٧ ، ٣٨ ، ٣٩) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ١٢: ١٧

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، بۆ ڕۆما ١٢: ١٧ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ١٤: ١- ٢٣

پێشەکی : نامەی ڕۆما ١٤: ١- ١٥: ٦ فێرمان دەکات لەبارەی ئەرکی باوەڕدارانی خاوەن باوەڕی لاواز وبەهێز لەم چوارچێوەدا مەبەست لە باوەڕی کەسێتی نیە بە عیسای مەسیح کە تایبەتە بێت بە ڕزگاریی بەڵکو باوەڕیان تایبەت بەوەی کە دەبێت باوەڕداران چی بکەن یان چی نەکەن.

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ١٤: ١- ٢٣ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵێکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما ١٤: ١- ٢

<u>ئاشکراکردنی ١: ئەو شتانەی هۆکاری جیاوازی نێوان باوەڕدارانن .</u>

أ. بابەتی بێ ڕەوشتی . پۆڵسی نێردراو نامە دەنوسێت بۆ باوەڕداران لە بارودۆخی جیاوازدا بۆ نمونە : لەنامەی یەکەمی بۆ کۆرنسۆس
چارەسەری کێشەی بارودخۆی باوەڕداران دەکات تایبەت بە حوکمدان و دادگایی کردنی یەکتر لە دادگا مەدەنیەکاندا وە لێبوردنی باوەڕداران بەرامبەر بە یاخی بوەکانی نێوانیان وە بابەتی تایبەت بە هاوسەرگیری و جیابونەوە و چەندین بابەتی دیکە . وە لە نامەکەیدا بۆ گەڵاتیە چارەسەری کێشەی فێرکردنە هەڵەکان دەکات کە بڵاوبوو لە نێو جولەکەکاندا وەك بۆ نمونە باوەڕداران ڕزگاریان نابێت مەگەر بە کارکردن بە شەریعەت . وە لەنامەکەیدا بۆ کۆلۆسی چارەسەری کێشەی فێرکردنە هەڵەکانی گنوسیەکان دەکات کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد پێویستە ئازاد بن لە ڕۆحی مرۆیی و جەستەی مرۆیی ، بەتایبەتی لەڕێگەی جێبەجێکردنی ڕێژەیەکی زیاتر لە پاکڕاگریی و جڵەوگیری .

ئەوەی تایبەت بێت بە هەموو بابەتەکان کتێبی پیرۆز فێرکردنێکی ڕوون پێشکەش دەکات لەبارەیانەوە و ئەمەش جێگەی ناکۆکی و جیاوازی نیە!

ب. ئەو بابەتانەی جێی ناکۆکی وجیاوازین .

هەندێ بابەتی هەن لەنێو باوەڕداراندا جێگەی ناکۆکی و جیاوازین . لەنامەی ڕۆما پۆڵسی نێردراو چارەسەری هەندێ لەو کێشانە دەکات . ئەو شتانەش کە جێگەی ناکۆکی و جیاوازین زۆر کەمن کە کتێبی پیرۆز لەبارەیانەوە فێرکردن پێشکەش بکات ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە باوەڕداران پێیان وایە ئەو جۆرە ناکۆکی و جیاوازیانەی هەبوونە دەبێتە مایەی جیاوازی بۆچوون لە نێو باوەڕداراندا وەك لە یۆنانیەکەی پێی دەوترێ دیالۆگیسۆمای . بڕوانە ڕۆما ١٤: ٢ ، ٥ پێدەچێت پاشخانی هەموو ئەو ناکۆکی و جیاوازیانە بگەڕێتەوە بۆ شەریعەتی پەرستش لە پەیمکانی کۆندا وەکو بنەماکانی ئەو کەسانەی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ خزمەت (کاهینەکان ولێقیەکان) وە کارو پەیڕەوکردنە ئاینیە پیرۆزەکان (قوربانی و خەتەنەو خواردنە پاکەکان و شوشتن و نۆبەرەی بەروبوم و

دەیەك و تد..) وە مامۆستایانی جولەکە ٦١٣ شەریعەتیان زیاد کردبوو بۆ شەریعەتی پەرستش لە کتێبی پیرۆزدا ئیدی ئەوان پێیان وابوو هەموو جولەکەیەك دەبێت پەیوەیست بێت پێیانەوە .

ئیدی بەم شێوەیە ، جولەکەو ئەوانەی دەبوونە جولەکە (لەخواترسەکان و بە جولەکە بوەکان) ئەوانەی دواتر بوون بە مەسیحی هەر دەیانڕوانیە شەریعەت وەکو ئەوەی زۆر گرنگەو دەبێت پەیوست بن پێوەی . ئەوان تێنەگەیشتبوون لەوەی عیسای مەسیح شەریعەتی پەرستشی پەیمانی کۆنی ڕاوەستان ئەفەسۆس ٢: ١٥ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٤ . وە عیسای مەسیح هەموو ئەو شەریعەتانەی ڕەتکردەوە کە مامۆستایانی جولەکە زیادیان کردبوو لەسەر شەریعەت مەرقۆس ٧: ١- ١٣ . وە لەلایەکی ترەوە ، ئەو باوەڕدارانەی سەر بە نەتەوەکان بوون وجولەکە نەبوون ئەم شەریعەتانەیان بەلاوە گرنگ نەبوو بۆیە مشتومڕ دروست دەبوو لەنێوان باوەڕدارانی ڕۆما لەسەر ئەم بابەتانە .

ج. ئەو بابەتانەی جێگەی ناکۆکی وجیاوازین لەنێو باوەڕدارانی ئەمڕۆ .

لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا باوەڕداران پێیان وایە ئەم بابەتانە جێگەی جیاوازی وناکۆکین : * ئایا دەبێت باوەڕداران یادی هەموو ئەو جەژنانە بکەنەوە کە دیاریکراون لەلای هەندێکیان لەماوەی ساڵەکەدا یان یادی هەندێکیان بکەنەوە ؟ * ئایا دەبێت باوەڕداران باپتیزبکرێن بە تەنها شێوازێک و دیاریکراو ؟ * ئایا دەبێت باوەڕداران یادی شێوی خوداوەند بکەنەوە هەموو ئێوارەیەك لە هەفتەکاندا جارێك یان دووجار لە ڕۆژی خوداوەندا یان جگە لەوانە ؟ * ئایا دەبێت باوەڕداران گۆرانی ڕۆحی بە وشەکانی زەبور بڵێنەوە کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتوون یان هەروەها دەتوانن جۆرەها گۆرانی ڕۆحی و سرودی ڕۆحی دیکە بڵێنەوە ؟ * ئایا ئایا باوەڕداران دەتوانن ئامێرەکانی مۆزیك بەکاربهێنن لە خزمەتەکاندا ؟ ئەگەر وەڵام ئەرێنی بوو ئایا دەبێت ئامێرێکی دیاریکراو بێت یان باوەڕداران دەتوانن گۆرانی بڵێن ومۆزیک بژەنن بەشێوازێکی جیاوازتر ؟ ئایا دەبێت باوەڕداران چەپڵە لێبدەن لەکاتی گۆرانیە ڕۆحیەکاندا یان نا؟ * ئایا دەبێت ڕابەرانی کڵێسا (پیرانی کڵێسا) پۆشاکی ئایینی بپۆشن یان

پۆساکی ئاسایی ؟ * ئایا باوەڕداران دەبێت پۆشاکێك بپۆشن لە خەڵکی دیکەیان جیا بکاتەوە یان پۆشاکی ئاسایی بپۆشن ؟ * ئایا دەبێت سەرتاشین و ڕیش دانانی پیاوان کورت بێت ؟ ئایا دەبێت ژنانی باوەڕدار سەریان داپۆشن ؟ * ئایا دەشێ باوەڕداران ئەڵقەو گوارەو ملوانکە بەکاربهێنن یان خواردنەوە کحولیەکان بخۆنەوە یان سەما بکەن یان گەمەی بەخت و قومار یان بینەری فیلمەکانی تەلەفزیۆن و سینەما بن تاد...؟ باوەڕداران پێویستیان بە بۆچوونی کەسێتی هەیە سەبارەت بەم بابەتانە ! بەڵام هەروەها دەبێت بزانن چۆن مامەڵە دەکەن لەگەڵ ئەو باوەڕدارانەی بۆجوونی جیاوازیان هەیە سەبارەت بەم بابەتانە !

ڕۆما ١٤: ٣- ٤

ئاشکراکردنی ٢ : دەبێت هەڵوێستی باوەڕداران بەڕێزەوە بێت لەبەرامبەر یەکتری تایبەت بە بابەتە ناکۆک وجیاوازەکان .

ئایەتی ١ پیناسەی لاوازیی باوەڕی هەندێك لە باوەڕداران دەکات . لەم چوارچێوەدا مەبەستی باوەڕیان نیە بە عیسای مەسیح کەتایبەت بێت بە ڕزگاریی بەڵکو باوەڕیان سەبارەت بەوەی کە دەبێت یان نابێت باوەڕداران چی بکەن !

أ. نابێت ئەو باوەڕدارانەی باوەڕیان بەهێزە حوکم بدەن بەسەر ئەوانەدا کە باوەڕیان لاوازە . ڕۆما ١٤: ١ بخوێنەوە . هەروەها بڕوانە ڕۆما ١٤: ٣ . نابێت حوکم بدرێت بەسەر باوەڕداری دیکەدا سەبارەت بە بیروبۆچوون و خواردن و خواردنەوەو ئەو بۆچونانەی جێگەی ناکۆکی و جیاوازی بیروڕان لەوبارەیەوە .

ب. نابێت ئەو باوەڕدارانەی باوەڕیان لاوازە حوکم بدەن بەسەر ئەوانەدا کە باوەڕیان بەهێزە . ڕۆما ١٤: ٣ بخوێنەوە . دەربارەی خواردن پۆڵس لەم بەشەدا فێرکردن ئاراستەی ئەوانە دەکات کە باوەڕیان لاوازە . دەبێت ئەوانە ئاگاداری هەڵوێستیان بن لەبەرامبەر ئەو باوەڕدارانەی باوەڕیان بەهێزە . هەروەها ڕۆما ١٤: ٤ بخوێنەوە . تۆ کێی تا حوکم بدەی بەسەر خزمەتکارێکی دیکەدا... ؟

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . ڕونکردنەوە

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ١٤: ١- ٢٣ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما ١٤: ٥- ٩

<u>پرسیاری</u> ١ : <u>باوەڕداران دەبێت چۆن بروانێنە بۆچوونی کەسێتی یەکتر سەبارەت بەو شتانەی جێگەی ناکۆکی و جیاوازین ؟

تێبینیەکان .

أ. دەبێت باوەڕداران بەتەواوی دڵنیابن سەبارەت بەو بابەتانەی جێگەی جیاوازی وناکۆکین ڕۆما ١٤: ٥ .

دوو هەڵوێستی تووندڕەوانە هەن هەردوکیان ڕەت دەکرێنەوە .

لەلایەك زۆرجار ئەوەی داوا دەكرێت ڕێككەوتن وهاوشێوە بوونە لەبابەتی جیاوازی و ناكۆكدا ئەوەی زۆرجار دەسەپێنرێت بەسەر باوەڕداراندا لە كڵێساكان یان لەلایەن مامۆستایانی دیاریكراو لە كڵێسادا .

وە لەلایەكی دیكەوە هەندێ جار بۆچوونی كەسێتی دروست نابێت : پۆڵس دەڵێت دەبێت باوەڕدار بەتەواوی دڵنیا بێت و بەڕاستی بیروبۆچوونی تەواو و دروست بێت لە بیروهۆشیدا سەبارەت بە بابەتەكانی جێ ناكۆكی و جیاوازی هەمە جۆر ، چونكە ئەوە تاقە ڕێگەیە بۆ ئەوەی بتوانیت شتێك بكەیت یان نەكەیت لە پێناوی خوداوەند بە هۆشیاری و بە مەبەستەوە .

ب. دەبێت باوەڕداران ڕێگە بدەن بەوەی هەڵسوكەوتیان بەشێوەیەك بێت كە هەرشتێك دەیكەن بۆ خوداوەند بێت ڕۆما ١٤: ٦ .

لە بواری ئازادیدا ، هەڵسوكەوتی باوەڕدار بابەتێكی ڕۆحیە نەك ناڕۆحی و نائایینیی ، چونكە ئەوەی باوەڕدار دەیكات یان نایكات ئەوە لە پێناوی خوداوەندە هەروەها بە تەواوی لەناخیەوە ، بڕوانە ١كۆرنسۆس ١٠: ٣١ ؛ كۆلۆسی ٣: ١٧، ٢٣ . وە بڕوانە ١تیمۆساوس ٤: ٤- ٥ ؛ مەتا ١٥: ٣٦ ؛ كردار ٢٧: ٣٥ ؛ ١كۆرنسۆس ١٠: ٣٠ .

ج. دەشێ باوەڕداران بەرگری بكەن لە بیروڕا و بۆچوونە كەسێتیەكانیان بەڵام بەشێوەیەكی بونیادنەر ڕۆما ١٤: ١٦ . هەروەها بڕوانە ١كۆرنسۆس ١٠: ٢٩- ٣٠ – ٣١ .

د. دەبێت باوەڕداران بۆچوون وبیروڕا كەسێتیەكانیان بابەتێكی تایبەت بێت لە نێوان خۆیان وخودا ڕۆما ١٤: ٢٢ هەروەها بڕوانە ڕۆما ١٤: ٢٣ .

ڕۆما ١٤: ١٠- ١٤

پرسیاری ٢: باوەڕداران دەبێت چۆن بڕواننە بۆچوون وبیروڕا كەسێتیەكانی ئەوانی دیكە سەبارەت بەو بابەتانەی جێگەی ناكۆكی و جیاوازین ؟

تێبینیەکان .

أ. دەبێت باوەڕداران حوکم نەدەن بەسەر بیروڕاو بۆچوونی کەسانی دیکەدا تایبەت بەو بابەتانەی جێگەی ناکۆکی و جیاوازین ڕۆما ١٤: ١٠-١٢ .

ڕۆژێك لە ڕۆژان هەموو باوەڕداران لەبەردەم تەختی دادوەریی خودا دەوەستن و حیسابی ژیانیان دەبێت پێشکەش بکەن . کاتێکیش هەق وحیسابی ژیانیان پێشکەش دەکەن وەکو شێوەی ژیانی ئەوانی دیکە پێشکەشی ناکەن بەڵکو وەکو شێوەی ژیانی خۆیان ئایا چۆن ژیاون بۆیە پێویستە حوکم نەدەن بەسەر بۆچوونی کەسێتی ئەوانی دیکەدا ، مەتا ٧: ١- ٢ ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ١٢- ١٣ ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ١- ١٣ ؛ ١تیمۆساوس ٥: ٢٠ .

ب. دەبێت باوەڕداران جیاکاری بکەن لە نێوان ئەوەی دروستەو بابەتیانەیەو ئەوەش کە هەندێك باوەڕداری دیکە بە دروستی دەزانن لەسەر ئاستی کەسێتی خۆیان ڕۆما ١٤: ١٤ .

ئەوەی کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات بە ڕوونی دروست و بابەتیانەیە ئیدی بۆچوونی خەڵکی هەرچیەك بێت سەبارەت بەو ڕاستیە . بەڵام ئەوەی هەندێك پێیان وایە دروستە لەگەڵ ئەوەشدا فێرکردنی ڕوونی کتێبی پیرۆزی لەگەڵدا نیە ، دروستە لەسەر ئاستی کەسێتی .

بۆ نمونە عیسا بە ڕوونی فێری کردوین هەموو خواردنێك پاکە مەرقۆس ٧: ١٥، ١٩ هەروەها پۆڵس فێرمان دەکات و دەڵێت ئەوەی خودا بەدیهێناوە چاکە ، ١تیمۆساوس ٤: ٤- ٥ ؛ بڕوانە ڕۆما ١٤: ١٤ ، ٢٠ ، پۆڵس ئەو ڕاستیەی کە هەموو خواردنێك پاکەو خواردنیان ئاساییە بە مافێکی بابەتی و فێرکردنی کتێبی پیرۆزی زانیوە هەروەها مافێکی کەسێتیشە لەسەر ئاستی کەسێتی .

بەهەرحاڵ لەگەڵ ئەوەی فێرکردنی بابەتیانە لە کتێبی پیرۆزدا هەموو شتێك بەپاك دادەنێت ، ئەمە واتای ئەوە نیە بۆچوونی کەسێتی لای هەنێك

باوەڕدار هەموو شتێك بەپاك دابنێت ، چونكە باوەڕداری لاواز ڕاستیەكی بابەتیانە دەزانێت لە كتێبی پیرۆزدا بەڵام ڕەنگە نەتوانێ وەكو پێویست پێشوازی لێبكات و وەری بگرێت وە باوەڕی بەوە نیە ئەو ڕاستیە وەربگرێت و پێی بژی بۆ نمونە دەزانێ كە عیسای مەسیح ڕایگەیاند هەموو خواردنێك پاكە بەڵام مەحاڵە بەلایەوە هەندێك خواردن بخوات بۆیە ئەوەی تایبەتە بە باوەڕدارە لاوازەكان دەبێت باوەڕدارە بەهێزەكان نەك تەنها وەك ڕاستیەكی بابەتیانە ئەوەی كتێبی پیرۆز فێرمان دەكات و بەس بەڵكو دەبێت بۆچوونی كەسێتی باوەڕدارە لاوازەكان لەبەرچاو بگرن هەروەها !

بابەتەكە هاوشێوەیە بە ئەو شتانەی تایبەتن بە بتپەرستی بڕوانە ١كۆرنسۆس ٨: ٤ ، ٧ .

ڕۆما ١٤: ١٥- ٢٠ .

پرسیاری ٣: دەبێت باوەڕداران چۆن بژین تایبەت بەو شتانەی جێگەی ناكۆكی و جیاوازین ؟

تێبینیەكان .

پێناسەی لاواز وبەهێز مەبەست لە جوامێر و بودەڵە نیە تەنها جیاكاریەكە ، پۆڵس باسی ئەوانە دەكات كە بڕوایان بەوە هەیە مرۆڤ هەندێك كار نەكات چونكە باوەڕەكەیان ڕێگەیان پێ نادات ئیدی بە لاوازیان پێناسە دەكات چونكە ئەو جۆرە باوەڕە زیاتر دەبێتە كۆسپ بەهۆی هەڵسوكەوتی ئەو باوەڕدارانەی باوەڕەكەیان ڕێگەیان دەدات بە هەمان كارو هەڵسوكەوت .

أ. دەبێت باوەڕداران ڕێگە نەدەن ماف وئازادیان دیاری بكرێت لەڕێگەی هەڵسوكەوتیانەوە وە دەبێت خۆشەویستی بنەمای سەرەكی بێت لەمبارەیەوە ڕۆما ١٤: ١٣، ١٥ .

باوەڕدارە بەهێزەكان ماف وئازادییان هەیە چی بۆچوونێكی دیاریكراویان هەبێت تایبەت بەو شتانەی جێگەی ناكۆكی و جیاوازین ، بەڵام ماف

وئازادی ئەوەیان نیە گوزارش بکەن لەو ڕاستیەی کە پەیڕەوی دەکەن کاتێ دەزانن دەبێتە کۆسپ لەبەردەم باوەڕداری دیکەدا کە باوەڕەکەیان لاوازە ، چونکە شەریعەتی خۆشەویستی گرنگترە لە شەریعەتی مافەکان وئازادی !

ب. دەبێت باوەڕداران ڕێگە بدەن بەوەی هەڵسوکەوتیان یەکبگرێت لە حەزکردن بە بونیادنانی باوەڕی ئەوانی تر ڕۆما ١٤: ١٣، ١٥ .

نابێت باوەڕدار ئازاری باوەڕدارانی دیکە بدات و ئەوانی دیکە بڕوخێنێت ڕۆما ١٤: ١٥ ، وە نابێت باوەڕدار کاری باوەڕداری دیکە بڕوخێنێت ڕۆما ١٤: ٢٠ ، هەروەها بۆ ڕوخاندن بڕوانە وشەی یۆنانی ئەپۆلۆمی لە ١کۆرنسۆس ٨: ١١ بەڵام ئاماژە ناکات بە هەڵگەڕانەوە لە باوەڕ وە هەروەها ئاماژەش ناکات بۆ لەناوچوونی تاهەتایی .

هەموو گوناهەیەك ڕوخێنەرە کاتێ باوەڕداری بەهێز پەیڕەوی شتێك دەکات کە تایبەتە بە جێگەی ناکۆکی و جیاوازی دەبێت بۆچوونی باوەڕداری لاواز لەبەرچاو بگرێت .

وە نابێت ئەو سنورە ببەزێنێ و هەروەها نابێت ببێتە هۆی ڕوخانی بەرامبەرەکەی لەگەڵ ئەوەشدا خودا تواناداره کە باوەڕداره لاوازەکە بیچەسپێنێت ڕۆما ١٤: ٤ ، بۆ شێوازی ژیان و کاری خودا لە باوەڕداره لاوازەکاندا بڕوانە ئەفەسۆس ٢: ١٠ . نابێت باوەڕداری بەهێز ئازاری باوەڕداره لاوازەکان بدەن و بیانڕوخێنن دوور لە خۆشەویستی لەکاتی پەیڕەوکردنی ئازادیەکانیاندا .

ج. باوەڕداران بەرپرسیارن کە پشتگیری لە ماف وئازادیەکانیان بکەن بەشێوەیەك بونیادنەر بێت و شانشینی خودای پێ بونیادبنێن ڕۆما ١٤: ١٧-١٩ .

کاتێ ماف وئازادی باوەڕداری بەهێز دەبێتە هۆی ئازار و ڕوخانی باوەڕداری لاواز ئیدی ئەو ماف وئازادیە ناوبانگێکی خراپی دەبێت ، چونکە لە شانشینی خودا گرنگ ئەوەی نیە دەست بگیرێت بە بۆچوونی

بەهێزەوە سەبارەت بەوانەی جێگەی مشتومڕ و جیاوازین بەڵکو گەشەدان و پشتگیری کردن لە ڕاستودروستی و ئاشتی و خۆشی لە ڕۆحی پیرۆزدا بڕوانە ڕۆما ١٤: ١٨- ١٩ . ئەمانەش پەیوەیدنیان بە هەڵسوکەوتی باوەڕدارانەوە هەیە لە کڵێسادا و لە بەشداری کردنی نێو کڵێسا لەگەڵ یەکتر .

ڕۆما ١٤: ٢٠- ٢٣

پرسیاری ٤: پەیوەندی نێوان باوەڕی مرۆڤ و بۆچوونەکانی تایبەت بە بابەتەکانی جیاوازی چیە ؟

باوەڕدارانی بەهێز و لاواز و بۆچوون و ڕای جیاواز وپێچەوانەیان هەیە سەبارەت بەو بابەتانەی جێگەی مشتومڕ وجیاوازین . بەڵام بۆچونەکانیان و بیروڕا کەسێتیەکانیان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت .

أ. دەبێت باوەڕداران کارێك نەکەن پێچەوانەی بیروبۆچونە کەسێتیەکانیان بێت .

وەرگێڕانی وشەبەندی بۆ ڕۆما ١٤: ٢٠ " بەڵام بۆ مرۆڤ ئەگەر ببێتە کۆسپ خراپە بیخوات " زۆرجار ئەوەیە کە " ئەو مرۆڤەی دەیخوات لەڕێگەی کۆسپەوە " باوەڕداری لاوازە چونکە ئایەتی ٢١ بەڕوونی باسی باوەڕداری لاواز دەکات کە دەبێتە کۆسپ ، باوەڕداری لاواز دەبێتە کۆسپ کاتێ شتێك دەخوات پێچەوانی بۆچونە کەسێتیەکانی خۆیەتی واتە کاتێ شتێك دەخوات بێ ئەوەی وێژدانی ئاسودە بێت و بڕوای پێ نیە ڕۆما ١٤: ١٤، ٢٣ بۆیە باوەڕداری بەهێز هان دەدات لەئایەتی ٢١ کە شتێك نەکات ڕەنگە ببێتە کۆسپ لەبەردەم باوەڕداری لاوازدا .

ب. دەشێ باوەڕداران هەموو شتێك بکەن بەپێی بڕوای کەسێتیان واتە بۆچوونە کەسێتیەکانیان .

باوەڕدارانی بەهێز مافیان هەیە داکۆکی بکەن لە بوچوونە کەسێتیەکانیان سەبارەت بە ئازادیەکانیان هەروەها پەیڕەوی ئازادیەکانیان بکەن سەبارەت بەو شتانەی جێگەی مشتومڕ وجیاوازین ڕۆما ١٤: ٢٢ بەڵام

نابێت واز لە بوچوونە کەسێتیەکانیان بهێنن چونکە گەر ئەوەیان کرد لەباوەڕەکەیانەوە سەرچاوە ناگرێت ڕۆما ١٤: ٢٣ ، هەروەها بروانە ڕۆما ١٤ : ٢٢ . نابێت شتێك بکەن جێگەی گومانی خۆیان بێت و ویژدانیان ئاسودە نەبێت لەبەرامبەریدا ، ڕۆما ١٤ : ٢٣ "بەڵام ئەوەی گومان بکات، ئەگەر بخوات تاوانبار دەکرێت، چونکە لە باوەڕەوە نییە. هەرشتێك لە باوەڕەوە نەبێت گوناهە "

هەنگاوی ٤: <u>پەیڕەوی بکە</u>. **پەیڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما ١٤: ١- ٢٣ .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینواوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

<u>١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما ١٤: ١- ٢٣ .</u>

١٤: ١، ٣ : دەبێت باوەڕداری بەهێز پێشوازی بکات لە گومان وبۆچوون وبیروڕای باوەڕداری لاواز سەبارەت بەو شتانەی جێگەی مشتومڕ وجیاوازین بێ ئەوەی حوکم بدەن بەسەریدا و بێ ئەوەی ڕقیان لێی بێتەوە یان سوکایەتی بکەن بە گومان و نادڵنیاییەکەی .

١٤: ٣ : دەبێت باوەڕداری لاواز سەرزەنشتی باوەڕداری بەهێز نەکات لەوەی بۆچوونی جیاوازی هەیە سەبارەت بەو شتانەی کە جێگەی مشتومڕ وجیاوازین .

١٤: ٥، ٢٣ : دەبێت باوەڕدارانی بەهێز ولاواز بەتەواوی دڵنیابن سەبارەت بەو شتانەی بڕوایان پێی هەیەو بە دروست و گونجاوی دەزانن

14: 6- 9 : باوەڕدار هەرچیەك دەکات سەبارەت بەو شتانەی جێگەی جیاوازی ومشتومڕن دەبێت لەپێناوی خوداوەند بیکات و بە سوپاسەوە پێشکەشی خوداوەندی بکات .

١٤: ١٠- ١٢ : دەبێت باوەڕداران بەو شێوەیە بژین کە بەتەواوی دڵنیان لەو ڕاستیەی کە حیسابی ژیانی خۆیان پێشکەش دەکەن لەبەردەم تەختی دادوەریی خودا .

١٤: ١٣، ٢٠ : دەبێت باوەڕداران پێداگری بکەن لەسەر ئەوەی نەبنە کۆسپ بۆ یەکتری تاوەکو کاری خودا نەڕوخێنن کە تیایاندایە .

١٤: ١٤ : لەگەڵ ئەوەی هەموو خواردنێك پاکە خۆی لەخۆیدا ، دەبێت باوەڕدارانی لاواز خواردنێك نەخۆن کە خۆیان بڕوایان پێی نیە پاك بێت.

١٤: ١٥، ٢١ : دەبێت باوەڕدارانی بەهێز خۆیان بگرنەوە لە خواردنی گۆشت یان شەراب کاتێ دەبێتە کۆسپ بۆ باوەڕدارێکی دیکە.

١٤: ١٥ : هەڵسوکەتی باوەڕداری بەهێز ماف وئازدیەکانی دیاری ناکات بەڵکو بە خۆشەویستی بۆ خوداو نزیکەکەی وەك خۆی.

١٤: ١٦ ، ٢٢ : نابێت باوەڕدارانی بەهێز ڕێگە بدەن باوەڕدارانی لاواز بە خراپە باسی ئەو بابەتانە بکەن کە جێگەی مشتومڕ وجیاوازین .

١٤: ١٧ ، ١٩ : هەڵسوکەوتی باوەڕداران بەوە دیاری دەکرێت کە ئەوان مۆڵکی خودان و هەرچی داوایان لێدەکات لەبەرچاوی خودا چاکەو باشە و دروستە وە بە ئاشتی بژین لەگەڵ ئەو خەڵکانەی بۆچونیان لەوان جیاوازە و ببنە بونیادنانی یەکتر .

١٤: ٢٢ : دەبێت باوەڕدارانی بەهێز و لاواز بۆچونە کەسێتیەکانی خۆیان بپارێزن لە نێوان خۆیان وخودا سەبارەت بەو شتانەی جێگەی مشتومڕن.

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەوێت زیاتر هۆشدار بم و ڕەخنە نەگرم یان حوکم نەدەم و ڕقم لەو باوەڕدارانە نەبێتەوە کە بۆچونیان لە من جیاوازە .

ب. دەمەوێت زیاتر هۆشدار بم و پێداگری بکەم لەسەر ئەوەی شتێك نەڵێم یان کارێك نەکەم ببێتە کۆسپ لەبەردەم باوەڕدارانی دیکە .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ١٤: ١- 23 .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆژە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما 14: ١- 23.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە دانیال ٢، ٣، ٤ ، ٦ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن: ڕۆما ١٣: ٨ . ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : نمونەی " دە پاکیزەکە "(کچە داناکان وکچە گێلەکان) ئامادە بکە لە مەتا ٢٥: ١- ١٣ دا هاتووە . سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .